ئەندامێکی لیژنەی دارایی : بڕدوام دەبێت لە پێدانی موچەی کارمەندانی هەرێم



موعین کازمی ئەندامی لیژنەی دارایی نوێنەرایەتی جەختیکردەوە کە حکومەت موچەی فەرمانبەرانی هەرێم لە پشکی هەرێم لە بودجەدا دەدات.

کازمی لە لێدوانێکدا بە ئاژانسی (موتەعە)ی راگەیاند:کە "موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بڕدوام دەبێت تا ئەو کاتەی داتاکان تەواو دەبن، بە ئەوەی موچەی فەرمانبەرانی ئەو ناوچەیە ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بدرێت و ئەم پرسیە پێویستی بە کاتە و ئاسان نییە، هەر لەبەر ئەوەش لە بودجەی ساڵی داهاتوو و لە پشکی هەرێمەوە پارە تەرخانی هەرێم دەکرێت بۆ پێدانی موچە".